**ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە نووسانی ڕانیە لە دژی یاسای ڕۆژنامە نووسان کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە نارەزایەتی دەردەبرن**

سەعات 10:30 سەرلەبەیانی ڕۆژی 2007/12/15 ، نزیك بە 50 كەس لە ڕۆشنبیران و نوسەرانی ڕانیە ، ڕێپیوانیکی هیمنانەیان دەست پی کرد لە بەردەم کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی ڕانیەوە بۆ بەردەم قایمقامیەتی ڕانیە ، لەو ڕێپیوانەدا کە 2 لافیتەیان بە دەستەوە وە تەعبیریان لە نارەزایەتی دەربرین دەکرد لە دژی یاسای پەسەند کراوی ڕۆژنامە نووسی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ڕۆژی 2007/12/11 ، وە داوای یاسایەکی مەدەنی و پیشکەوتوو وهاوچەرخیان دەکرد .

کۆتایی ریرۆیشتنەکە لە بەردەم بینای قایمقامیەتی ڕانیە بوو ، کە لەویدا لە لایەن جینشینی ڕانیە و بەریوەبەری ئاشایشی ڕاپەرینەوە پیشوازی کران ، تیایدا لە لایەن یەکیك لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتی ڕێپیوانەکەوە ، ووتەیەکی کورت پیشکەش کرا لە سەر هۆکاری سازدانی ئەو ڕێپیوانە و دواتریش یادداشتی ڕۆشنبیرانی نارازی خوینرایەوە کە بۆ سەرۆکایەتی هەریم بەرز کرابووە و تیایدا ویرای نارەزایەتی دەربرین لە سەر ئەو یاسایەی کە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە و پەنجە خرابووە سەر لایەنە خراپەکانی یاساکە و تیایدا داوا لە سەرۆکایەتی هەریم کرابوە کە ئیمزا لە سەر ئەو یاسایە نەکات ،لە کۆتایی یادداشتەکەشدا داوای پەسەند کردنی یاسایەکی مەدنی و پیشکەوتن خواز کرابوو .

دواتریش یادداشتەکە تەسلیم بە جینشینی ڕانیە کرا و جینشینی ڕانیەش ووتەیەکی کورتی پیشکەش کرد و ڕای گەیاند کە ئەو یادداشتە ئەگەیەنیتە شوینی خۆی.

شیاوی باسە ئەم ڕێپیوانە لە چوارچیوەی ئەو نارەزایەتیانەدایە کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە دژی یاسای ڕۆژنامە گەری پەسەند کراو لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەریوە دەچیت ، کە ئەم یاسا پەسەند کراوەی پەرلەمانی کوردستان ، بیجگە لە سەرکوت کردنی ئازادی و بەرتەسك کردنەوەی فەزای ئازادی ڕۆژنامەگەری و بیرورا دەربرین ،هیچ شتیکی تر نیە .

لەو ڕێپیوانەدا ، سەرجەم میدیاکان ئامادە بوون بە ڕادیۆو ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنە محلی و ئاسمانیەکان و چەندین چاو پیکەوتنیان لە گەل بەشداران و ریکخەرانی ڕێپیوانەکەدا ساز کرد و شەوی دوای ڕێپیوانەکە ڕیپۆرتاژیان لە سەری بلاو کردەوە .

ازاد احمد2007/12/15